# زانست وڕێزی زانست
# وئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئەحمەدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی قودامەی المقدسي

**وەرگێڕانی:** عەلی عەبدوڵڵا حەسەن

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ العلم وفضله وما يتعلق به ﴾

« باللغة الكردية »

أحمد بن عبد الرحمن بن قدامة المقدسي

ترجمة: علي عبد الله حسن

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# زانست وڕێزی زانست
# وئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە

خوای مەزن ئەفەرموێت: {قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ} {الزمر:٩} واته : بڵێ ئایا زانا ونەزان وەك یەكن، وە ئەفەرموێت : { يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ} {المجادلة:١١} واته : خوا ئەو كەسانەتان باوەڕیان هێناوە بەرز دەكاتەوە، وئەوانەش زانستیان پێدراوە پلەگەلێ بەسەر باوەڕدارەكاندا بەرز دەكاتەوە، چونكە ڕێزو شەرەفمەندی لای خوا تەنها بەباوەڕو زانستەوەیە.

ئیبنوعەباس (ڕەزای خوا لەخۆی وباوكی بێت) ئەڵێت : زانایان پلەیان بەرزترە بەسەر خاوەن باوەڕاندا

بەحەوتصەد پلە کە لەنێوان هەردوو پلەیەکدا پێنجصەد ساڵە.

خوای گەورەش دەفەرموێت : {إِنَّمَا يَخۡشَى ٱللَّهَ مِنۡ عِبَادِهِ ٱلۡعُلَمَـٰٓؤُاْۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ} {فاطر:٢٨} واتە : بەراستی لە بەندەکانی خوادا، هەر زاناکانن لە خوا ئەترسن و سەری نەوازشی بۆ دائەنوێنن، چونکە هەر ئەوان دەزانن ئەوزاتەیە چ خاوەن دەسەڵاتێکە.

لەهەردوو صەحیحەکەدا هاتووە لەفەرموودەی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە(ڕەزای خوایان لێ بێت) ووتی:بیستوومە لەپێغەمبەری خوداوە(صلی الله علیه وسلم) کە فەرمووی : " من يرد الله به خيرا يفقه في الدين" {بوخاری فەرمووەی ژمارە ٦٩، موسلیم فەرموودەی ژمارە ١٧١٩} واتە : هەرکەسێك خودا وویستی چاکەی پێی هەبێت لەئاییندا شارەزای ئەکات.

ئەبوئومامە (خوای لێ ڕازی بێت) ووتی : باسی دوو پیاوکرا بۆ پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) یەکێکیان خواپەرست و ئەویتریانزانا وشارەزا، پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : ڕێزی زانا بەسەر خوا پەرستدا وەك ڕیزی من وایە بەسەر نزمترین کەستاندا، پاشان پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: " إن الله وملائكته، وأهل السموات والارض، حتى النملة فى جحرها، وحتى الحوت ليصلون على معلمي الناس الخير" {فەرموودەیەکی حەسەنە، تورموذی ڕیوایەتی کردووەبەرگی٩/لاپەڕە٢٦ ووتویەتی:فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحە} واتە : بێگومان خودا وفریشتەکانی وخەڵکی ئاسمانەکان وزەوی هەتا مێروولە لەکونەکانی خۆیان ونەهەنگیش-لەدەریاکاندا- داوای لێخۆشبوون دەکەن بۆ ئەوانەی خەڵکی فێری چاکە دەکەن.

لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب؛ وإن العلماء ورثة الانبياء، وإن الانبياء لم يورثوا دينارا ولادرهما، وإنما ورثوا العلم، فمن أخذ به أخذ بحظ وافر"{فەرموودەیەکی سەحیحە لەتورموذی بەرگی٦/لاپەڕە٢٦ دا هاتووە، ئیمامی ئەحمەدیش بەفەرموودەی ژمارە٢٠٧٢٣ ڕیوایەتی کردووە} واتە : ڕێزی زانا –زانای خواناس- بەسەر خواپەرستەوە وەك ڕێزی مانگ لەشەوی چواردەدا وایە بەسەر تەواوی ئەستێرەکانی ترەوە، بێگومان زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، پێغەمبەران دیرهەم ودیناریان بەمیرات بەجێ نەهێشتووە، بەڵکو زانستیان بەجێهێشتووە، هەرکەسێك دەستی پێوەگرتبێت ئەوە بەشێکی زۆری وەرگرتووە .

لەسەفوانی کوڕی عوسالەوە(خوای لی ڕازی بێت)ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: " إن الملائكة لتضع أجنحتها لطالب العلم رضي بما يطلب" { فەرموودەیەکی سەحیحە، تورموذی ڕیوایەتی کردووە بەرگی٦/لاپەڕە٢٦، ئیمامی ئەحمەد بەفەرموودەی ژمارە١٧٣٩٤ ڕیوایەتی کردووە}
واتە : فریشتەکان بالەکانیان ڕادەخەن بۆ قوتابی وخوێندکارانی زانست وعلیم، ڕازی بوو بەوەی کە داوای دەکات.

خەتابی لەمانای فریشتەکان بالەکانیان ڕادەخەن دەڵیت سێ ڕای جیاواز هەیە :

یەکەم : باڵەکانیان ڕاخستووە .

دووەم : بەمانای خۆ بەكەمزانین وتەواضعی فریشتەكان دێت لەبەرامبەر زاناياندا، ئەمەش وەك گەورەييەك بۆ قوتابی وخوێندكاری زانست وعلیم.

سێهەم : مەبەست پێی دابەزینی فریشتەكانە بۆ كۆڕ ومەجلیسی زانست وزانایان ووازهێنانە لەفڕین لەو كاتەدا .

ئەبوهورەیرەش (خوای لێ ڕازی بیت) ووتی، پێغەمبەری خودا (صلی اللّٰه علیه وسلم) فەرموویەتی : " من سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل اللّٰه له به طريقا إلى الجنة "{فەرموودەيەكی سەحیحە، موسلیم ڕیوایەتی كردووە بەفەرموودەی ژمارە٤٨٦٧، ئەحمەدیش بەفەرموودەی ژمارە١٧١٨} واتە : هەركەسێك ڕێگايەكی گرتبێتەبەر وبەدوای زانستدا گەڕابێت، خودا بەوكارەی ڕێگايەكی بۆچوونە بەهەشت بۆ ئاسانكردووە.

هەروەها ئەبوهورەیرە ڕیوایەتی کردووە کە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی :

" من جاءه الموت وهو يطلب العلم ليحي به الإسلام، كان بينه وبين الأنبياء في الجنة درجة واحدة " {دارەمی لەحەسەنەوە بە مورسەلی ڕیوایەتی کردووە، هەروەها طەبەرانیش لە ئینوعەباسەوە بە مەرفوعی -الاوسط - دا هێناویەتی، ئەم فەرموودەیە موحەمەدی کوڕی جەعەدی –الحق- ی تێدایە کە مەتروکە، فەرموودەیەکی لاوزاە، لاپەڕە ٣٥٤ی دارەمی} واتە : هەرکەسێك مردن یەخەی گرت لەکاتێکدا کە بەشوین زانست و علیمدا دەگەڕا بۆ ئەوەی ئاینی ئیسلامی پێ بگەیەنێت و زیندووی بکاتەوە، لەنێوان ئەو کەسە و پێغەمبەراندا لەبەهەشتدا تەنها پلەیەك هەیە .

هەندێك لە دانا وحەكیمەكان ووتویانە : ئای خۆزگە ئەو كەسەی كە زانست و زانیاری لەدەستچووە ئیتر چی بەدەستهێناوە، وە ئەو كەسەشی كە زانست و زانیاری بەدەستهێناوە ئیتر چی شتێكی لەدەست چووە.

لەهەردوو سەحیحەكەدا هاتووە دەربارەی فەزڵ وگەورەی زانست وزانیاری لە سەهلی كوڕی سەعدەوە كە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بە عەلی ( ڕەزای خوای لێ بێت) :" لإن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من أن يكون لك حمر النعم " {بوخاری فەرموودەی ژمارە ٢٧٢٤، موسلیم فەرموودەی ژمارە ٤٤٢٣} واتە : ئەگەر خودا لەسەر دەستی تۆ تەنها كەسیك هیدایەت وڕێنموونی بكات چاكتر وباشتر بۆت لە ڕانە ووشترێكی سوور.

ئیبنو عەباس ئەفەرموێت : ئەو کەسەی خەڵکی فێری چاکە دەکات هەموو زیندەوەرێك داوای لێخۆش بوونی بۆ دەکات هەتا نەهەنگیش لە دەریادا {فەرمودەیەکی حەسەنە، تیرموذی ڕیوایەتی کردووە، بەرگی ٩/ لاپەڕە ٢٦} هەر لە جۆری ئەم ووتەیەی ئیبنوعەباس ڕیوایەت کراوە لە پێغەمبەرەوە ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرمودەیەکی مەرفوعدا.

ئەگەر ووترا شێوەی داواکردنی لێخۆش بوونی نەهەنگ بۆ مامۆستای زانست وزانیاری چۆنە؟

وەڵامەکەی : بێگومان زانیاری سودی بۆ هەموو شتێك هەیە، هەتا نەهەنگیش، چونکە زانایان بە هۆی زانستەوە فێری ئەوە بوون کەچی حەڵاڵەو چیش حەرامە، وە ڕاسپێریان کردووە بە چاکە کردن لە گەڵ هەموو شتێکدا، هەتا سەر پڕاوو نەهەنگیش خودای

مەزن گشت گیانەوەرەکانی ئاگادار کردوە کە داوای لێخۆشبون بکەن بۆ زانایان لە پاداشتی ئەو کارە چاکەیاندا .

لە ئەبو موساوە ڕەزای خوای لێ بێت ووتی : پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :
" إن مثل ما بعثني الله به من الهدى والعلم، كمثل غيث أصاب أرضا، فكانت منها طائفة طيبة قبلت الماء، فأنبتت الكلأ والعشب الكثير، وكانت منها أجادب أمسكت الماء، فنفع الله بها الناس، فشربوا وسقوا وزرعوا، وأصاب منها طائفة أخرى، إنما هي قيعان لاتمسك ماء ولاتنبت كلأ، فذلك مثل من فقه في دين الله ونفعه الله بما بعثني به فعلم وعلم، ومثل من لم يرفع بذلك رأساً ولم يقبل هدى الله الذي أرسلت به" } بوخاری بەفەرموودەی ژمارە٧٧ ڕیوایەتی کردووە، مسلمیش بەفەرموودەی

ژماره٥٢٢٢} واته : نمونەی ئەوەی خودا منی پێ ڕەوانە کردوە لە زانست وشارەزایی وەك بارانێکی زۆر وایە لە زەویەك ببارێ وهەندێك لەو زەویە پاك وبەپیت بێ وتاوەکەی وەرگرتبێ، گیاو لەوەڕی پێ سەوز بوبێت، وەهەندێکی ترزەویەکە ڕەق وبێگیان بێ وئاوەکە لە خۆیدا هەڵگرێت جا بەو ئاوە خودای مەزن سودی گەیاندبێت بە خەڵك، ئاویان لێ خواردبێتەوە وئاوی ئاژەڵیان دابێ و کشتوکاڵیان لە بەردا کردبێ، وەبارانەکە لە زەوییەکی تر ببارێ کە تەخت وساف بێت نە ئاوی بارانەکە هەڵگرێت ونەلەوەڕ سەوز بکات جا ئەم زەوی وبارانە نمونەی کەسێکە کە لە ئاینی خودا گەیشتووە وئەو پەیامەی خودا بەمندا ناردوویەتی سوودی پێ گەیاندووە وبۆیە فێری زانست بووە وکەسانی تریشی فێر کردووە، وە نمونەی کەسێك کەبەم ئایینە سەری

بەرز نەكردبێتەوە وئەوشارەزاییەی وەرنەگرتبێت كە بەمندا ڕەوانە كراوە .

ڕەحمەتی خوات لێ بێت سەیری ئەم فەرموودەیە بكە چ كارێكی كردوەتە سەرخەڵكی، زانایان زۆر شایستە ترن بۆ ئەم تێگەیشتنە وەك ئەو بەشەی زەوی كە ئاوەكەی وەرگرتوە گیاو لەوەڕگەكەی سەوز كردووە، چونكە ئەو زانایانە فێربون ولێی تێگەیشتون مەبەستی ئەوزانایانەی فەرموویشی كە خودا ئەو تێگەیشتن ووردبینیەی پێ نەداون وەك ئەو زەویانەن ئاوەكەیان وەرگرتووە وپارێزگاریان لێ كردوە هەتا لەلای خۆیان سودی لێ وەرگرن .

حەسەن (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : ئەگەر زانایان نەبوونایە خەڵكی وەك ئاژەڵیان لێ دەهات.

هەروەها موعاذی مورێ جەبەل (خوای لێ ڕازی بێت) ووتویەتی : فێری زانست وزانیار ببن، چونکە فێربوونی ترس لەخودا پەیدا دەکات، بەدوادا ڕۆشتنی زانست پەرستن وعیبادەتە، لێکۆڵینەوە وپێداچوونەوەشی تەسبیحات ویادی خوداکردنە، گەڕان بەشوێنیشیدا جیهاد وتێکۆشانە، فێرکردنی ئەو کەسانەشی نایزانن صەدەقە و خێرە، بەخشینیشی بەئەهلی خۆی نزیك بوونەوەیە لەخودا، هاوەڵ وهاودەمە لەکاتی تەنهاییدا، هاوڕێیە لەکاتی کەنارگیرییدا.

کەعب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵیت : خوای گەورە نیگا و وەحی کرد بۆلای موسی (علیه السلام) کە ئەی موسی خۆت فێری چاکە ببە و خەڵکیش فێر بکە، بەڕاستی ئەو کەسەی خەڵکی فێری چاکە دەکات وئەوەیشی فێری دەبێت گۆڕەکانیان ڕووناك دەکەمەوە،

بۆ ئەوەی لەشوێنەکانیاندا ترسیان نەبێت وترس دایان نەگرێت .